# بزاڤی یەکسانیخوازی ژن و پیاو، فێمینیسم و ئەلتەرناتیڤێك

هەژێن
٢٠٠٧/٠٤/٠٤

پاشکۆی یەکەم

وەك لە بابەتەکەی پێشوودا ئاماژەم بۆ کرد، کە چەند دەنگێك لەنێو ژنانی ڕۆشنبیری کورد دا، باس لە فێمینیسم دەکەن و هەر یەکە دەیهەوێت لە ڕوانگەی خۆیەوە بزاڤی یەکسانی ژن و پیاو ڕێنوێنی بکات. ئەمە سەرەڕای هەر ناڕۆشنییەك لە بۆچوونیاندا، جێگەی دەستخۆشییە، بەڵام نەك بەو واتایەی کە لەبەرامبەر بۆچوونی هەڵەیاندا بێدەنگی هەڵبژێرین و دڵیان نەشکێنین.

هەروەها ئەم سەرنجدانەی من لە نووسین و گفتوگۆکانی ئەو خاتوونە بەڕێزانە، بە واتای ئەوە نییە کە وان سەراپا شتێکی دروستیان نە نووسیوە و دەرنەبڕیوە، بەلکو هەوڵێکە بۆ کردنەوەی دەرگە بەڕووی قسەوباسی لێبڕاوانە و بەسوود، بەڕێخستنی ڕەوتێکی ڕەخنەیی لە هەناوی خودی بزاڤی فێمینیستیدا، تاوەکو بۆچوونە نادروستەکان، لەگەڵ هەڵکشانی بزووتنەوەکەدا بالا نەکەن و نەبنە گێاکەڵە و پەژموردەی نەکەن.

ئەوەی من لێرەدا نیازمە پێی هەستم، هەر ئەو کارەیە کە ئەرکی هەموومانە لە ساماندان بەم بزووتنەوەدا بەشداری بکەین و لایەنە ناڕۆشنەکانی دەستنیشان بکەین، پرسیارەکانی وەڵام بدەینەوە، ڕەخنە لە بۆچوونە هەڵەکانی بگرین و سەرنج بدەینە لایەنە پۆزەتیڤەکانی.

هیوادارم هیچ یەك لەو خاتوونە بەڕێزانە، لە دەرەوەی ئەرکێك کە لە سەر شانی هەر یەکەمانە، ئەم سەرنجانەی من لێك نەداتەوە.

پێم باشە سەرەتا لە نووسین و چاوپێکەوتنەکانی خاتوو (مەهەباد قەرەداغی)یەوە سەرنجەکانم ئاراستە بکەم.

خاتوو مەهاباد وەك هۆنەر و نووسەرێکی دەرکەوتە، وەك ئەوەی کە بەخۆی ڕایدەگەیێنێت، لێبرال فێمینیستە. هەر لەم ڕوانگەشەوە بانگەشە بۆ یەکسانی ژن و پیاو دەکات و لەو چوارچێوە هزرییەشدا بۆ چارەسەر دەگەڕێت. هەروەها وی زۆر لێبڕاوانە چووەتەپای کردەکردنی بۆچوونەکانی و دەیهەوێت لە سەر زەمینی کەتوار، ئەزموونیان بکات.

بۆ تێگەیشتن لەم خاتوو مەهاباد، چەند وتووێژێکی بەسەر دەکەمەوە و بە وتووێژێك کە بەڕێز سەباح شێخانی بە نێوی **(پرسی ژن، پرسی ژیانە، پرسی دادپەروەری گەردوونییە)** لەگەڵ خاتوو مەهاباد ئەنجامی داوە، دەست پێدەکەم:

بەڕێز سەباح شێخانی بەم پرسیارە دەست پێدەکات: **ئەو ژنانەی بە جورئەتەوە دەنووسن کەمن، سەرەڕای ئەوەش چەوسانەوەی ژن بەردەوامە، ئەم هاوکێشەیە چۆن و کەی پێچەوانە دەبێتەوە؟**

خاتوو مەهاباد زۆر بە جوانی و پوختی بۆچوونی خۆی لە بەرامبەر ئەم پرسیارەدا دەردەبڕێت و بیرۆکەی زۆر جوان دەخاتە ڕوو و روانگەیەکی ڕۆشن لەمەر ئازادی و تاکی کورد بەرجەستە دەکات. بەلام بەداخەوە ئەوەی کە جێی سەرنجە زمان و دەربڕینی بەڕێز سەباح شێخانییە، هەر لەبەر ئەوەی کە بەشێکە لە بابەتەکە، ڕێ بەخۆم دەدەم بەکورتی قسەیەکی لەسەر بکەم.

پرسیارەکە لە رووی زمانەوانییەوە بە هەلە دارێژراوە و دوو ڕستەی لێکدراوی نەرێین و ناتوانین ڕستەیەکی تەبای بەڵامی دروست بکەن. وی لە شێوەی ڕستەیەکی لێکدراوی ئەگەری دایڕشتوون. چونکە هەرچەندە وشەی لێکدەری بەلام شاراوەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بوونی هەیە و رستەکە ناتەواوە. دەکرێ بڵێین سەرەرای کەمی ژمارەی نووسەرانی ژن، بزاڤی ڕۆشنگەری ژنان ڕوو لەسەرە یا بلێن سەرەڕای پەرەسەندنی بزاڤی ژنان، هێشتاکە ژمارەی ژنانی نووسەر کەمە. چونکە لۆژیك پێمان دەڵێت: کە ژمارەی ژنانی هوشیار و ڕۆشنبیر کەم بێ، ئەوا بزووتنەکە لاواز دەبێ و چەوسانەوەش جێگیر دەبێ. هەر لەبەر ڕۆشنایی هەڵەدارشتنی ئەم پرسیارە، ناتوانم هەڵە ڕێزمانییەکانی تری نێو چاوپێکەوتنەکە، وەك هەلەی خاتوو مەهاباد بژمێرم، چونکە نازانم ئەم دیمانەیە چۆن ئەنجام دراوە، لە ڕێگەی ئیمەیل و نامەوە یان بە گفتوگۆ و تۆمارکردن.

لە وەڵامی پرسیاری دووەمدا هەم لەگەڵ وەلامی پرسیاری یەکەم دا، دەکەوێتە ناکۆکی و هەم تێڕوانینێکی ناکۆك بە کەتوارمان بۆ دەخاتە ڕوو. ئەمە بۆ جیهانبینی لیبراڵ فێمێنیزم دەگەڕێتەوە، کە خاتوو مەهاباد، هەڵگریەتی. لە وتاری [بزاڤی یەکسانیخوازی ژن و پیاو، فیمێنیسم و ئەڵتەرناتیڤیك](#) دا بەکورتییەك لەمەڕ لێبراڵ فێمینیزم دواوم. لێرەدا دوبارەی ناکەمەتەوە. ئەو دەڵێت **" نە حیزبەکان دەتوانن سوود لەو جۆرە ئافرەتانە ببینن کە وەکو پیاو بیر دەکەنەوە، نە ئەو ژنانەش دەتوانن ماف و ئازادی بۆ ژنان دەستەبەر بکەن کە ئاشنای فەلسەفە و دنیابینییەکی ژنانە نین، کە هاوسەنگی دەدات بە مرۆڤ و مرۆڤسالاری دەکات بە ئامانج."**

ئەمە بۆ هەڵە تێڕوانینی لیبراڵ فێمینیسم – راستر بڵێم بە هەلەدا بردنی ژنان لەلایەن لیبراڵ فیمینزمەوە- دەگەڕێتەوە، کاتێك کە لیبراڵ فیمینیزم ستەم لە ژنان بۆ ناهوشیاری و بێ ئاگایی دەسەلاتداران لە ڕێوشوێنی کۆمەلگە یا لە دەسەلاتدا بوونی پیاوانێکی ناشایستە دەگێڕێتەوە. ئیتر هاوکێشەکە پێچەوانە دەبێتەوە و پرسەکە بە ڕۆشنبیر و ڕۆشنبیرنەبوونی دەسەلاداران دەبەستێتەوە. ئەگینا چۆن حیزبەکان سوودیان لەو جۆرە ژنانە نەبینیوە کە وەکو پیاو بیردەکەنەوە! کەتوار پێچەوانەی ئەمەمان نیشاندەدات. کاتێك کە لە ساڵی ١٩٩١ەوە دەستە تیرۆریستییەکانی ئەو پارتانە کەوتنە ڕەشەکوژی ژنان و ڕەشەکوژی ژنانیشیان کردە مۆدێلی کۆمەڵگە، ئەوە ژنانی ناوەڕۆك باوکسالاربوون، کە بە هەموو توانایانەوە، لە ئاستی ناوخۆیی و دەرەکیدا کەوتنە بەرگری لەو ڕەشەکوژییە و پاساوی ناموسپەرستانە و کۆنەپەرستانەی ڕیسا ڕزیوەکانی کۆمەڵگەی کوردستانیان بۆ دەهێنانەیەوە و تەنانەت ژنان و پیاوانێك کە ڕەشەکوژی ژنانیان ڕسوادەکرد، بە بێ ڕەوشت نێویان دەبردن -هەرچەندە مرۆڤی بێ ڕەوشت بوونی نییە و هەر یەکەمان بەپێی جیهانبینی و تێڕوانینمان، ڕەوشتێکی تایبەتمان هەیە و دەکرێ بڵێین، مرۆڤی ڕوشت باش و بەدڕەوشت هەیە-. راستە ژنان هیچ سوود لە پارتە رامیارییەکان بە چەپ و راسییانەوە نابەن، بەلام پارتە رامکارەکان زۆرترین سوودیان لەو تابورە پێنجەمەی

ڕێکخراوەکانی بەناو ژنان بردووە، ئەگینا لۆژیك پەسەندی ناکات، دەسەلاتداران بێ سوود، لاورگی وەك ئەو ڕێکخراوانە بەخێو بکەن!

هەروەها وەك پێشتر وتوومە و پێش منیش وتویانە: ئازادی نادرێ و ئازادی دەسێندرێت، واتە هەموو هێزەکانی دونیا ناتوانن مرۆڤێکی ناخ کۆیلە ئازاد بکەن، هەروەك چۆن هەموو هێزەکانی دونیا ناتوانن مرۆڤێکی ناخ ئازاد کۆیلە بکەن. هەروا‌ش کۆمەڵێك ژن وەك دەستەبژێر (نخبە) ناتوانن ژنان ڕزگار بکەن و ڕزگاری ژنان لە دەستی خۆیاندایە و بە هاتنەمەیدانی هەمەلایەنەی ژنان لە گشت بوارەکاندا هەر لە ماڵەوە بگرە تا دەگاتە بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵگە، بەستراوەتەوە.

دواجار مرۆڤسالاری بە جیهانبینی و فەلسەفەی بۆرژوازی و لێبراڵ فینیمیزم کە باوەڕی بە بۆرژواسالاری هەیە، نامۆیە. من هاوەڵدووانەییەك (ازدواجیە) – هاوەڵدووانەیی مرۆڤسالاری و بۆرژواسالاری- لە بۆچوون و بیرکردنەوەی خاتوو مەهاباد دا دەبینم، لەبەشەکانی تردا باشتر ئەمەمان بۆمان رون دەبێتەوە.

بەڕێزی لە درێژەی وەلامی هەمان پرسیاردا دەڵێت " **ئێستا زۆر جیاوازە لە جاران. حیزبەکانی کوردستان ئەمڕۆ لەنێو جیهاندان بەلام جاران لە پەراوێزی جیهان بوون، بۆیە پێویستیشە ئەو سیاسەتە پیادە بکەن کە لە نێوجیهاندا باوە نەک لە پەراوێزی جیهاندا، ............ کەواتە بە پێی ئەم گۆڕانە جەوهەرییانە، گۆڕانی جەوهەری لە سیاسەت و ستراتیژی حیزبەکانیش پێویستن. مەسەلەی یەکسانی و مافی مرۆڤ و پرسی ژینگە لە مەسەلە گرنگ و ستراتیژییەکانی جیهانن و پێویستە بۆ پارتی و یەکێتیش جێگەی بایەخ بن."**

من بە پێچەوانەی (خاتوو مەهاباد)ەوە، پێم وایە پارتەکانی کوردستان ئەوانەی کە وی لێیانەوە دەدوێت، جارانیش لە ناوەندی جیهاندا بوون و وەك ئێستاش جێبەجێکەری نەخشەی ئەو هێزانە بوون، کە خاتوو مەهاباد هیوای خۆی پێیانەوە گرێداوە. هەر ئەو رامیارییەشیان پیادەکردووە و دەکەن، کە لە نێو جیهاندا باون. بەڵام ئەوەی کە لە نێوەندە زالە جیهانییەکاندا بەگشتی و هێز و کەسانێك کە خاتوو مەهاباد هیوایان پێ دەبەستێت، ستراتیژ و گرنگ نەبن، مافی مرۆڤ و پاراستنی ژینگە و پرسی یەکسانین. سەرنجی بەڕێزی بۆ کۆبوونەوەکانی کیۆتۆ، دوربان، بۆن، یەکەم لەمەڕ پاراستنی ژینگە و دووەم لەمەڕ پرسی کۆیلایەتی، سێیەم لەمەڕ قەدەخەکردنی مین و چەکی سووك بوو، کە لە هەرسێکیاندا دەوڵەتی ئەمریکا و سەرۆك بوش، دژیان وەستایەوە، لەمەڕ پرسی یەکسانی، سەرنجی بۆ بازرگانی سێکسی و کۆیلەتی ژنان لەو ولاتانەدا کە ئەمریکا و هاوپەیمانانی، بازار ئازاد و نەزمە نوێکەیان بەسەر سیستەمی بازاری کۆنترۆڵکراوی دەولەتی ئەروپای ڕۆژهەلاتیدا زاڵ بوو، رادەکێشم، کە بووە هۆی لێسەندنەوەی ئەو ماف و دەستکەوتانەی کە ژنان لەوەوپێشتر بەدەستیان هێنابوون، وڵاتەکانیشیان کرانە لەشفرۆشخانەی نەزمی نوێ!

لە کاتێکدا کە مرۆڤ پێویستی بە ئاوی خواردنەوە، دەرمانی دژی نەخۆشی، ڕێگەوبان و فێرگە و نان و ئاشتییە، کەچی ناوەندە جیهانییەکانی سەرمایەداری، برەو بە چەکسازی و شەڕ و وێرانکردنی ژینگە و داهێنانەوەی – راستر بڵێم پۆستمۆدێرنەکردنی- کۆیلەتی منالان و ژنانن.*

ئەمە ئەو ناوەدند و هێزانەن کە خاتوو مەهاباد، هیوای چەند ملیۆن ژنە کوردی لە گەردن کردوون!

پاشان دەبێژێت " **مەبەستمە بڵێم ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتانی سەر بە حیزبەکان ئەگەر خوودانی ئەو فەلسەفە و دنیابینییە نەبن کە ڕێبازی ئازادکردنی توخمی مێینەی لێوە ئاراستە دەکرێت، ناتوانن حیزبەکانیان بکەن بە خاوەنی ئەو شایستەییەی کە لە نێو جیهاندا ستاتوویەکی جێگەی شانازی دەستەبەر بکات.**"

دیسانەوە دەڵێم، ئەگەر ژنان خودانی فەلسەفە و جیهانبینییەك بن، کە ڕێبازی ئازادکردنی رەگەزی مێینەی لێوە ئاراستە بکرێت، ئیتر بێ سێ و دوو، دەبێت تف و نەفرەت لە پارتایەتی بکەن و وەك هاوستەمەکانیان سەنگەریان لێبگرن. پێویستە پێشەنگی ڕوخاندنی دەسەلاتی ئەو پارتانە بن. چونکە هەر ئێستا پارتە کوردییەکان خاوەنی ئەو شایستەییەن و لە نێو جیهانی گەندەڵی و مشەخۆری و مرۆڤکوژی سەرمایەدا، ستاتویەکی جێگەی شانازییان بۆ دەستەبەر کراوە!

داوای لێبوردن لە خوێنەری هێژا دەکەم، کە ئەگەر رستە بە رستەی وەلامی ئەم پرسیارە بخەمە ژێر سەرنج، چونکە قسەی فرەتر هەڵدەگرێت و ناچارم و ناتوانم بازیان بەسەردا بدەم.

پاشان دەڵێت "**بۆیە حیزبەکانیش پێویستیان بە گۆڕینی تێڕامانیان هەیە لەمەڕ پرسی ژن و ئازادی و مافەکانی و لە روانگەیەکی جیهانییەوە بڕواننە پرسی ژنی کوردستان.**"

ئەمەشیان دووبارە بۆ تێڕوانینی لیبراڵ فیمینیزم دەگەڕێتەوە، چونکە ئەوە تێڕوانینی پارتەکان نییە، کە ستەم لە ژنانی کوردستانیان دروستکردووە، بەڵکو بەرژەوەندی چینایەتی و پێداویستی دەسەلاتی بۆرژوازییە، کە کۆیلەتی ژنان وەك پێگەی سەروەری خۆی دەکاتە پێداویستی. من بە پێچەوانەی (خاتوو مەهاباد)ەوە پێم وا نییە، کە سەرۆککۆمار یا سەرۆکی هەرێم لە پرسی ژنان تێ نەگەیشتبن و پێویستیان بە خاتوو مەهاباد بێت، بچێتە پارلەمان و بۆیان ڕوون بکاتەوە، بەڵکو ئەوە (خاتوو مەهاباد)ە کە پێوسیتی بە خۆ یەکلایی کردنەوەیە لە نێوان (مرۆڤسالاری) و (بۆرژواسالاری)دا هەیە. ئەگەر پرس، پرسی تێگەیشتن و تێنەگەیشتن بێت، ئەوا رامیارەکانی ئەوروپا و ئەمریکا و ئوسترالیا، هەم خاوەنی کەسانی ئەکادیمین و هەم خاوەنی چەندین دەزگە و ناوەندی هەلسەنگاندن و لێکۆلینەوەی جۆراوجۆرن.

بەلام لە پاش خوێندنەوەی ئەم وەلامانە، گومانی ئەوەشم لا نەما، کە خاتوو مەهاباد، بە هۆی ناڕۆشنییەوە، نامەی بۆ خوێرێژترین و شەڕەنگێزترین بوونەوەری ئەم سەردەمە (مستەر بۆش) نووسێ بێت. بەڵکو پرسەکە لەمە واوەترە!

هەر بۆیە پێی وایە دەبێت " **ئێمەی نووسەر، ڕووناکبیر، چالاکی مافی مرۆڤ و یەکسانی هەموومان ڕۆڵمان هەبێت لە هاندانیان و هاریکاریکردنیشیان بۆ ئەو گۆڕانە.**" یان دەڵێت "**ڕەوایە حیزبەکان ڕێکخراوی ژنان و ئافرەتانیان هەبێت، بەلام ئەگەر ئەم ڕیکخراوانە لەسەر سکەیەکی سروشتی خەباتی ژنانەی خۆیان نەبن، تەنیا زیان بە حیزبەکان دەگەیەنن نەك سوود.**"

من تەنیا دەتوانم ئەم بۆچوون و چاوڕوانییەی بۆ ژنەکۆمیتەکانی پارتەکان، بە چاوەروانی لە زیندانەوان، زیندانیان ئازاد بکات، بچوێنین. چونکە ڕەشەکوژی ژنان لە پارتەکانەوە دەستپێکرد و ژنە ڕێکخراوە پاشکۆکانیان پاساویان بۆ هێنایەوە. ئیتر نازانم ژنان لەو ڕێکخراوانەدا چۆن دەتوانن لەسەر سکەیەکی سروشتی خەباتی ژنانەی خۆیان بن. ئەی خەباتی ژنانە چییە و کامەیە؟! لە کۆتاییدا خەمی خۆی دەردەبرێت، ئەوەی نەکا ژنان سوود بەو پارتە ژندۆستانەی کوردستان نەگەیێنن!

من بە گرێدانەوەی ئەم دوو ڕستەیە **"نە حیزبەکان دەتوانن سوود لەو جۆرە ئافرەتانە ببینن کە وەکو پیاو بیر دەکەنەوە،"** ، **"، بەلام ئەگەر ئەم ڕیکخراوانە لەسەر سکەیەکی سروشتی خەباتی ژنانەی خۆیان نەبن، تەنیا زیان بە حیزبەکان دەگەیەنن نەك سوود."** ، بەو سەرەنجامە دەگەم کە خاتوو مەهاباد خۆی وەك ئەلتەرناتیڤی ئەو ڕێکخراوانە دەخاتە ڕوو و دەیهەوێت، بڵێت من باشترتان بۆ دەکەم. منیش پێم وایە ئەوەی ئەو ڕێکخراوۆکانە کە لە شازدەساڵی رابوردوودا نەیان توانی ئەنجامی بدەن، ئەوا خاتوو مەهاباد لە شازدە مانگدا ئەنجامی دا! ڕستەکانی دواتری ئەم پەرەگرافە، راستی بۆچوونەکەی من دەسەلمێنن.

لە درێژەی وەلامی هەمان پرسیاردا، لە پەرەگرافێکی تردا دەڵێت **" پرسی ژن، تەنها پرسێکی کۆمەلایەتی نییە وەك پرسێکی ناوخۆ تەماشای بکەین، بەڵکە پرسێکی سیاسییە و پرسێکی ناوخۆیی و دەرەوەیشە، واتە ئێمە لە ڕێگەی پرسی ژنەوە بە جیهانیشەوە دەبەسترێینەوە. ئیشکردن لە ناو پرسی ژن، واتە ئیشکردن لەناو سیاسەت، ئیشکردنیش لەناو سیاسەت بە مانای بەکاهێنانی تاکتیکی جیاواز بۆ مەبەستە ستراتیژییەکان.**

لە خوێندنەوەی ئەم بەشە پەرەگرافەدا، دوو بۆچوونمان لا دروست دەبێت:
یەکەم، ئەوەی کە خاتوو مەهاباد پارتە رامیارییەکانی بۆرژوازی کورد و سەرانیان بە گێل دەزانێت و دەیهەوێت پێیان بڵێت، ئەگەر ئێوە گرنگی بە پرسی ژن نەدەن، لە بڕیاردانە جیهانییەکاندا، ڕێوشوێنێکی شایستەتان نابێت. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕوانگەی لیبڕال فیمینیزم و دەسەلات.
دووەم، پرسی ژن لای خاتوو مەهابادیش هەر بەوجۆرەی پارتە رامیارییەکان بۆی دەڕوانن، هەر بە تاکتیك وەرگیراوە و دەکرێت لەپێناو پرسە ستراتیژییەکاندا بەکار ببرێت، واتە پاراستنی دەسەلاتەکەیان!

لە وەلامی پرسیاری دواتردا، جارێکی تر ئەم بەڕێزە، دەکەوێتەوە سەر دووڕیانی مرۆڤسالاری و بۆرژواسالاری و پێ لەسەر مرۆڤسالاری دادەگرێتەوە. بەلام کاتێك کە باس لە نووسەران و ڕۆشنبیرانی ناوداری کورد دەکات، دیسانەوە دەگەڕێتەوە سەر بۆچوونی پان کۆمەڵگەیی و لەبیری دەچێت، کە ڕۆشنبیرانیش لە چین و توێژە کۆمەلایەتییە بەرژەوەندی جیاوازەکانەوە هاتوون و لە نووسین و ڕۆشنکاریشدا، نوێنەرایەتی ئەوان دەکەن.

لە وەلامی پرسیاری چوارەم، پێنجەم، شەشەم، حەوتەمدا، لە دوورایانەکەدا بەلای چەپدا لادەدا و ئالای مرۆڤسالاری بەرزدەکاتەوە. کاتێك خوێنەری ئاگا و وردبین لە وەلامەکان وردبێتەوە، ئەوا ئەو دووریان و ناکۆکیانە لە وەلامەکانی وی دا دەبینێت.

له وەلامی هەشتەم پرسیاردا، که دیسانەوه پرسیارەکه هەڵەی زمانەوانی تێدایه و ناکرێ بەسەریدا بازدەین. هەوڵ نانرێت، بەلکو دەدرێت. هەروەها خزمەت ناگەیێنرێت، بەلکو دەکرێت!

**"پێش هەر شتێک پێویسته له دەستووری کوردستاندا زۆر به ڕوون و ڕاشکاوی ژن و پیاو وەک دوو بوونەوەری یەکسان به یەکتر له ماف و ئەرک دا بناسێنرێت."** هەلەی ڕێزمانی له تێکستەکەوەیه.

خاتوو مەهاباد له بیری چووه که له یاسای وڵاته دیموکراتەکانیشدا –نموونه بریتانیا- پیاوانیش یەکسان نەبوون، بەڵکو ئەوه خەباتی بزووتنەوەی چارتیستی بوو، که دەنگدانی بۆ هەموو پیاوان بەسەر دەسەلاتدا سەپاند. هەروەها ژنان و پیاوانیش یەکسان نەبوون، بەڵکو ئەوه لەلایەك فشاری یەکسانی ژن و پیاو له کۆمۆنەی پاریس، بەدەستهێنانی مافی یەکسانی دەنگدان بۆ ژن و پیاو ساڵی ١٨٩٣ له نیوزلەند، که به خەباتی خودی ژنان دەستەبەر کرا، شۆڕشی ئۆکتۆبەر و لەلایەکی ترەوه ئامادەیی خودی ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز بوو، که مافی دەنگدانی ژنانی بەسەر کۆمەڵگەکاندا سەپاند و مشەخۆره دیموکراتەکانی ناچار به ملدان به مافی یەکسانی دەنگدان، کرد.

بەدیهاتنی داخوازی ئەو بزووتنەوانه و سەپاندنی مافەکان، هەروان به قسه و نامەنووسین مەیسەر نەبوون، بەڵکو لەپێناویدا خوێن ڕژاوه، زیندانەکان به ئازادیخوازان ئاوادان کراونەتەوه، خێزان و گروپ و هاوەڵی زۆروزەبەند هەڵوەشاونەتەوه.

بۆ تێگەیشتن له بەدەستهێنانی ماف و پاشەکشێ به بەرەی کۆنەخواز و سەرکوتگەر، که دەسەلات پێشەنگی کردووه و دەکات، به تەنیا ئەم وانه مێژووییانه بەسن.

وی له درێژەی وەلامەکەیدا دەڵێت **" ئەو هەولانەی هەتا ئێستا دراون بێگومان خزمەتیان به ژن کردووه، بەڵام بەهۆی ئەوەی که کوردستان لەمەوپێش خاوەنی دەستووری خۆی نەبووه و لەرووی یاساییشەوه هەمان یاساکانی دەولەتی عیراقیان پیادەکردوه و ئەو دەوڵەتەش لەمەوپێش دەوڵەتێکی تۆتالیتاری، خێڵەکی و داگیرکەر بووه، بۆیه هەوڵەکان ڕەندگدانەوەی زۆریان نەبووه. بەلام لەمەودوا دەستی ژنی کورد کراوەتره و که دەستووری خۆمان هەبێت و یاسای خۆمان هەبێت، دەتوانین دەستئاوەلاتر کەر بکەین.**

کاتێك ئەم رستانەی کۆتایی دەخوێنینەوه، ئیتر جیاوازی له نێوان خاتوو مەهابادی فێمینیست و مەهاباده پاشکۆکانی پارت نامێنێت و ویش دەکەوێته جوینەوەی بنێشتی هەڵبزرکاوی دەمی پیاوه رامکارەکانی سەرکردایەتی پارت و پارلەمان. ئیتر وشەی ئازادی له زاری دەتۆرێ و بۆ هەمیشه ئەو دەڤەره بەجێدەهێڵێت، که خاتوو مەهابادی لێ نیشتەجێیه. ئەمه کۆتاییەکی خەمناکه، ئەمه تێزابکردنه چاوی ژنانی ئەشك وشکبووه و ژنانێك که له هۆنراوەکانی وییەوه، هیوایان وەردەگرتەوه، له هیوابڕاویدا هانا بۆ تەنەکه نەوت و ئاگر دەبەن، تا گیان له جەستەی کۆیلەیاندا ڕزگار بکات.

منیش دەڵێم خاتوونی بەڕێز بریا تۆش پیاو بویتایە وەك ئەو گۆرانیبێژەی کە بۆ ئەوەی ژنی دووەم بێنێت، هەرەشەی لە ژنەکەی کرد، ئەگەر ڕازی نەبێ و بۆی ئیمزا نەکات، ئەوا براکەی دەکوژێت!**

ئەمە ئەو گۆڕانەیە کە لەسایەی ڕێسای خێڵەکی کورد و شەماڵی فێمینیزمێك، کە چاوەڕوانی لە (مستەر بوش)ە، لەڕەوتی جێگیرکردنی نەزمە نوێکەیدا، سۆزێك بۆ ژنانی کوردستان نیشان بدات، ڕوی داوە و خاتوو مەهاباد وەك بارەتەقای خۆی لە گشت دیمانەیەکدا دەیڵێتەوە!

لێرەدا دەکرێت، ڕاستەوخۆ لە خاتوو مەهاباد، بپرسم: مەگەر لە عەرەبستانی سعودی، لە فلیپین، لە ئەمریکا، لە ئەوروپا، لە ئوسترالیا یاسای سەروەر، یاسای کێیە، ؟ دەکرێت بزانین، بۆچ ژنان گونییەپۆش (حیجاب) دەکرێن، لە لەشفرۆشخانەکاندا هەست و سۆز و جەستەیان هەراج دەکرێت، بۆچ خاوێنکردنەوەی ئاودەستخانەکان بۆ ئەوان تەرخانکراوە و پیشەیەك بەناوی ژنەنۆکەر بە بالایان براوە و کرێی کەم و کونجی ماڵیان بۆ تەرخانکراوە؟ خۆ ناکرێت، بڵێین لە ڕۆژاوای ئەوروپا و لانکی دیموکراسیدا، بەعس فەرمانڕەوایە؟

بەڕێز خاتوو مەهاباد، لە وتووێژێکی تریدا، ئیتر وەك بەشێك لە دەسەلات قسە دەکات و بە هەموو شێوەیەك هەوڵدەدات، مێژووی بزاڤی یەکسانی ژن و پیاو بۆ دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس بگێڕێتەوە و ئالوگۆڕەکانیش بۆ سۆزداری و بەخشندەیی سەرۆکی هەرێم و سەرکشالیاری میری هەرێم و بەرهەمی چاوپێکەوتنەکانی وی بژمێرێت. لەم پەیوەندەدا سەرنجی خوێنەر بۆ وتووێژەکەی رادەکێشم.

خاتوو مەهاباد لەم گفتوگۆیەیدا لەژێر سەردێڕی **مەهاباد قەرەداغی لە بەرامبەر چەند تەوەرەیەک لە پرسەکانی کۆمەلگەی مرۆڤایەتی،** لەگەڵ بەڕێز **خالید عەبولکەریم حەمەلاو،** کە بە بڕوای من دەبوو لەژێر سەردێڕی "مەهاباد قەرەداغی لەبەرامبەر سەرنج و ڕەخنەی ژنان و پیاوانی یەکسانیخوازدا" بووایە.

سەراپای وتووێژەکەی بەرگری لەو خلیسکانە کردووە، کە کردییە بەشێك لە دەسەلاتێك، دەسەلاتێك، کە ڕۆژانە بە دانەجیرە ڕیسا کۆن و ڕزیوەکانی کۆمەڵگەی کوردستان دەپارێزێت.

بەڕێزی لەبری ئەوەی کە پرسیارەکانی دیمانە سازدەر، رامانی لا دروست بکەن، کەچی وەك پیاوە سالارەکانی نێودەسەلات، خۆی بەو بیرکردنەوە خێلەکییەوە گرتووە، کە پێی شەرم و نەنگە، لاوازی و هەلەی خۆی بداتە بەر رەخنە و بوێرانە دان بە تێکشکان و وردبوونی خۆی لە بازنەکانی دەسەلاتی باوکسالاریدا بنێت و جارێکی تر لە سەنگەری بندەستان لە پێش هەموویانەوە سەنگەری ژنانی ستەمدیدەی کۆمەلگەی کوردستانەوە، نەفرەت لەو ساتانە بکات، کە تیایاندا فریوی دەسەلاتی خوارد.

بەداخەوە، وی ئەو بنچینەیەی خەباتی چەوساوەکانی لەبیر کردووە، کە جێگەی کەسانی خەباتگێڕی بزاڤە یەکسانیخوازەکان، هۆلەکانی پارلەمان و بازنەکانی دەسەلات نییە، بەڵکو کۆڕ

و کۆمەڵی چەوساوانی کۆمەڵگەیە، ئەو شوێنانەیە کە "نا" بەرامبەر ملهوڕییەکانی دەسەلاتدا، دەنگدەداتەوە.

خاتوو مەهاباد لە دیمانەیەکی تردا لەژێر سەردێری ( مەهاباد قەرەداغی لە وەڵامی تەوەرەی مافەکانی ژن و بزوتنەوەی ژنان) کە بەڕێز ستیڤان شەمزینانی پێی هەستاوە. لەبەرامبەر پرسیاری یەکەمدا دەڵێت "پرسی ئافرەت ئەمڕۆ پرسێکی ستراتیژییە و بایەخێکی سەرەکی هەیە لەئاستی جیهانی و سیاسەتی نێونەتەوەییدا، بۆیە حیزبەکانی وڵاتانی گەشەسەندوو وەک پرسێکی سەرەکی لێی دەڕوانن و ڕەفتاری لەگەڵدا دەکەن .نەک لە کوردستان بەڵکە لە وڵاتانی هەموو دنیاشدا حیزبەکان ڕێکخراوی تایبەتمەندیان هەیە بە ژنانەوە، وەلێ ئەم ڕێکخراوانە ئامانجەکانیان لەسە بنەمایەکی فێمینیستی دادەڕێژن و فەلسەفەی فێمینیزم دەبێتە دیدگایەکی ڕوونیان و بە ڕەچاوکردنی بارودۆخی تایبەتمەندی وڵاتەکانی خۆیان ڕێباز بۆ بزوتنەوەی ئافرەتان دادەنێن و کۆشش بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان دەکەن ."

من نازانم بەرێز خاتوو مەهاباد مەبەستی لە پرسی ستراتیژی چییە و لە کامە بزووتنەوە یا ناوەندی بڕیارداندا پرسێکی ستراتیژییە، ئەگەر مەبەستی لە ناوەندە فەرمییەکان و ناوەندەکانی دەسەلاتە، بە پشت بەستن بە کامە بەڵگە، ئاوا دەوێرێت بێ سلەمینەوە، شتی وا بڵێت. لە جیهانی سەردەمی نەزی نوێ و بازار ئازاد دا، لە ئەوروپای تازەگەریدا تازە خەریکە لەشفرۆشی ژنان وەك پیشە بە فەرمی بناسرێت و پێیان وایە مادام لەشفرۆشەکان باج و خەراج دەدەن، مافی خۆیانە وەك پیشە بۆیان بژمێردرێت! بازرگانی سێکس و هێنان و بردنی ژنان لەم ولاتەوە بۆ ئەو ولات و فرۆشتنیان لە پەرەسەندندایە! لە پەرەسەندنی بێکاریدا میرییە سۆشیالدیموکرات و لیبراڵەکان، وەك چارەسەرێك بۆ بێکاری ژنان بۆ گەرانەوە بۆ سەر کاری سەرەکییان واتە منالْ بەخێوکردن و چێشت لێنان، بانگەواز دەکەن! ئەتککردن و دەستدرێژی سێکسی لە شوێنی کار و بە هۆی بندەستی ژنانەوە لەلایەن خاوەنکارەکانەوە لە پەرەسەندندایە!

من لە جیهانی ئەورۆدا، پێچەوانەی دەربڕینەکانی وی هەست پێدەکەم، من کۆمەڵگەی مرۆیی لە پاشەکشێدا دەبینم و بزووتنەوەی یەکسانی ژن و پیاویش وەك بەشێك لە بزووتنەوەکانی کۆمەڵگە لە پاشەکشێدا دەبینم. لە هیچ سەردەمێکدا هێندەی سالانی سەرەتای هەزارەی سێیەم، کۆیلەتی ژنان و بازرگانی سێکسی لە گەشە سەندندا نەبووە. با خاتوو مەهاباد ئاوڕێك لە بەرنامەکانی تەلەفزیۆن و فێلمەکانی هۆڵیود و ڕوپەڕی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و ڕێکلامی کۆمپانیاکان بداتەوە، ئەوسا باس لە ستراتیژبوونی پرسی ژنان لە جیهاندا و لەلای دەسەلاتداران بکات.

لەبەر ئەوەی وەڵامەکانی دووبارەی وەلامی دیمانەکانی ترن، خۆم لە بەسەرکردنەوەیان دەبوێرم و بەم دوا پەرەگرافەی دیمانەکەی، کۆتایی بە سەرنجەکانم دێنم:
**کوردستان وەک وڵاتانی دیکە نییە و ئێمە لە ژێر سفرەوە دەستمان بەکار و خەبات کردووە،**

وەك پێشتر پەنجەم بۆ راکێشا، خاتوو مەهاباد، دەیهەوێت ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو ڕۆژەی ژنان لە ناوەندی کار و ژیاندا، پێش راپەڕین و پاش راپەڕین، پیش ڕوخانی ڕژێمی بەعس و پاش ڕوخانی بەعس، بە سفر یەکسان بکات و بڵێت، لەو ڕۆژەوەی من گەراومەتەوە کوردستان و دەستم لەگەڵ دەسەلاتی پیاوان تێکەڵ کردووە، بزاڤەکە لە دایك بووە! ئەگەر مەبەستی ئەمەش

نەبێت، ئەوا قسەکانی دەسەلات دەکاتەوە و دەیەوێت مێژوو لە نیسانی ٢٠٠٣ ەوە بنووسێتەوە و شازدە ساڵ رەشەکوژی و کۆیلەکردنەوەی ژنان بە یاساکانی بەعس، شازدە ساڵ لەمەوبەر کاتێك کە ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز سەرگەرمی یادکردنەوەی ٨ی مارس رۆژی جیهانی ژنان بوون، ناوەندەکانی دەسەلاتی بۆرژوازی کورد، فەرمانی راندن و گرتنی هەڵسوراوانی بزاڤی یەکسانیخوازیان بۆ پیاوە گزگلەکانیان دەردەکرد! ئەوە فشاری ئەو بزووتنەوە و هوشیاربوونەی ژنانە سەرانی تۆی ناچار بە داننان بە رۆژی جیهانی ژنان و رەوایەتی بزووتنەوەکەی لە مارسی ٢٠٠٥دا، کردووە!

پەراویز:

* سەنجی خاتوو مەهاباد بۆ کۆیلەتی هاوچەرخی منالان لە ئەنونیسیا، فلیپین، تایلاند، کۆیلەتی ژنان لە رۆژهەلاتی ئەوروپا رادەکێشم.

** میری و پارلەمانی کوردستان، بۆ خۆ دزینەوە لە رێفۆرمی یاساکانی کاروباری تاکەکەسی، مەرجێکیان بۆ چەند ژنە دانا و بەپێی ئەو یاسایە، بۆ ئەوەی پیاو بتوانێت، کۆیلەیەکی تر لە خۆی مارە بکات، پێویستی بە ئیمزای کۆیلەی یەکەمیەتی.

Disposable People: New Slavery in the Global Economy (Paperback)
Kevin Bales by
http://www.iias.nl/files/IIAS_Annual_Report_2000.pdf

Israel's sex slaves
Israel of all places has turned into international center of modern-day slavery
http://www.ynetnews.com/articles/0,7340,L-3384268,00.html

http://www.alternet.org/rights/48951/

THE SMALL HANDS OF SLAVERY Bonded Child Labor In India
http://www.hrw.org/reports/1996/India3.htm

TENTH UNITED NATIONS CONGRESS ON THE PREVENTION OF CRIME AND THE TREATMENT OF OFFENDERS
http://www.un.org/events/10thcongress/2098.htm